# پەرلەمانی من یان پەرلەمانی تۆ؟

## ڕێبوار کەریم وەلی

بە پێی هەواڵەکان، بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا پەرلەمانی کوردستان (پەرلەمانی پارتی و یەکێتی) بۆ پتەوکردنی ئیرادەی گشتیی کورد لەسەر داخوازیی فیدرالی، کۆبوونەوەیەك بكات و دووپاتی ئەوە بكاتەوە كە گەلی كورد سورە لەسەر ئەوەی فیدرالیی دەوێت و باشترین چارەسەریش بۆ کێشەی مێژوویی کورد لە عێراقدا و گونجاوترین شێوازی ژیان لە گەڵ عارەباندا، فیدرالیە. جارێ بەر لە هەموو شتێك دەخوازم بڵێم كە پەرلەمان بەم كارەی خۆی دەیسەلمێنێ كە دەنگی خەڵكی كوردستان و ئیرادەی ئەوان هیچ قیمەتێكی نییە، كە واش بێت بەڕاستی نازانم پەرلەمان چۆن خۆی بەدەمڕاستی ئەم خەڵكە دەزانێ، خەڵكێك كە پرسی پێنەكرێت، كەواتا دەنگەكانیشی قیمەتی نییە. ئەگەر لە 1992 بڕیاری فیدرالی دەرچوو و پرسیش بە خەڵك نەكرا، ئێستا پەرلەمان بۆی نییە بەهەوەسی خۆی لە جیاتی خەڵكی كوردستان ئەم بڕیارە نوێ و پتەوتر بكاتەوە لە كاتێكدا بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەگەر ریفراندۆمێكی ئازادانە بكرێت بەشی هەرەزۆری خەڵك نە دەنگ بۆ ئەم پەرلەمانە (بەو پێكهاتەیەی ئێستای) دەدەن و نە بۆ بڕیاری فیدرالییەكەشی!

پەرلەمان 11 ساڵە لە ژێر هەر بیانوویەكدا بێت خۆی نوێ دەكاتەوە، ڕێك وەك ئەو بەرپرسانەی كە سەر و سمێڵیان بۆیاغ دەكەن و تەحەددای زەمەن دەكەن، ملی لەبەر ملی زەمەن ناوە. پەرلەمان ڕەمزی نەتەوەییمانە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە كە شوێنێك كە ئالییەتی بڕیار وەرگرتنە بۆ سەلماندنی ئیرادە و بەشداریی خەڵك لە بڕیاری سیاسییدا، ببێ بە وەسیلەیەك بۆ مانەوەی دەستەڵاتی موتڵەقی دوو حزب. مادام پەرلەمان خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵكی كوردستان دەزانێ (كە من گومانم لەوە هەیە خەڵكی كوردستان وا بیر بكەنەوە!) لەسەریەتی لانیكەمی ئەو قسەیەی خۆی بێنێتەجێ.

داخوازیی بە پەلەی ئەمڕۆی خەڵكی كوردستان سەبارەت بەئاییندەی سیاسییان ئەوەیە كە پرسیان پێبكرێت. كۆریدۆرەكانی پەرلەمان لەجیاتی ئەوەی نوێنەری خەڵكیان تێدابێت، تەژێی نوێنەرانی حزبە، نوێنەرایەتیی خەڵك بەدەستهەڵبڕین نییە، بەدەنگ هەڵبرینە. ئەندامانی پەرلەمان ئەمجارەیان لەجیاتی ئەوەی تەڵاقەكانی بڕیاری فیدرالی نوێ كەنەوە، با بیخەنە بەر دەنگی خەڵك بزانن چەند ڕاستن!دەنگی میللەت سەنگی مەحەكە نەك دەستی ئەوانەی كە خواخوایانە قەت هەڵبژاردن نەكرێتەوە و تا قیامەت لەو بەهەشتە لێی پاڵ دەنەوە.

ئینجا مەسەلەی دووەم مەسەلەی هەڵبژاردنە كە پێویستە بەزووترین كات ئەنجام بدرێت و كۆبوونەوەكانی ئەو بارەیەی پەرلەمان وەك كۆبوونەوەكانی لیژنەی) تەنسیق و موتابەعە) ی لێ نەیەت. ئەگەر قەرارە هەڵبژاردن بكرێت پێویست بەم بگرە و بەردەیە نییە، لە 1991 چۆن لە چاوتروكانێكدا بڕیار درا و جێبەجێش كرا با ئەمجارەشیان نەگاتە دوای دامەزراندنی (حكومەتی نیشتمانیی عێراق) ! هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی تێكڕای باشوری كوردستان بەهەموو شارە و ناوچەكانی (بەكەركوك و خانەقین و تەنانەت موسڵیش) لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار بن و هیچ تەنازولێك لەو بارەیەوە نەكرێت. یاسایەكی نوێی وا بۆ هەڵبژارن دابنرێت كە ڕێژەی دیاریكراو لە 1٪ زیاتر نەبێ، تا هەموو گروپ و ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستان شانسی بەشدارییان هەبێ. تەمەنی دەنگدەر و كاندیدەكان كەم بكرێتەوە تا ئەو پیر و پەككەوتانەی كە پەرلەمانیان كردۆتە دیوەخان، جێی خۆیان بدەنە خەڵكی گەنج .لە كورسییەكانی پەرلەمانی داهاتوو كورسیی ڕەمزی بۆ هەریەك لە بەشەكانی دیكەی كوردستان دابنرێت، تا لە بیرمان بێت كە دەبێ ڕۆژێكیش ئەوان ئازاد بن.

ئەو ڕۆژە ڕەنگیێ هەموومان شانازی بەوە بكەین كە پەرلەمانمان هەیەو پەرلەمان بەس هی تۆ نییەو هی منیشە!

Rebwar2001@yahoo.com

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.